مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية المجلد (19) العدد الثاني– الجزء الثاني – كانون الأول 2024

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/

# Teaching Kurdish Alphabet and the Role of Ibrahim Ameen Baldar in its Development

**Dr .Shadmaan Salar Narmean Aghaa**

Shadman.salar@chu.edu.iq

| تاريخ الارسال 05-11-2024 | تاريخ التعديل 29-11-2024 | تاريخ قبول البحث 05-12-2024 |
| --- | --- | --- |

**Summary** An attempt to introduce the aspects of teaching the Kurdish alphabet. It is also an illumination to clarify the points on the letters in the field of the Kurdish alphabet, in terms of their nature. The study includes an introduction, two chapters, and a set of results reached by the researcher. A list of the sources and references on which he relied. Introduction: The researcher mentioned the topic, its nature, and the reasons that led him to choose it. Chapter One: It includes the history of the emergence of teaching the alphabet, including its historical definition of the Kurdish alphabet. The second chapter: It consists of two axes. The first axis: about the methods of teaching children’s primary education in the first stage of primary school. The second axis: includes the life and importance of Professor Ibrahim Amin Baldar (ەلاف and بێی نوفێ)یی, meaning the new letters of the alphabet in the Kurdish language. At the end of the research, the researcher carried out a comprehensive criticism and analysis of the aforementioned book, and among its results was a set of scientific results that the researcher reached and recorded in the research results section.

# فێرکردنی (ئەلفوبێ)ی کوردی و ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ئەو بوارەدا

د.شادمان سالار نەریمان ئاغا*

**المُلخص** تتناول هذه الدراسة المحددة تحت عنوان (**ظهور تعليم الحروف الهجائية الكردية ومساهمة أستاذ إبراهيم امين بالدار فيها**)، وهي محاولة للتعريف بمظاهر تعليم الحروف الهجائية الكردية.

كما إنها أضاءة لوضح النقاط على الحروف في مجال الحروف الهجائية الكردية، من حيث ماهيتها والدراسة تتضمن من مقدمة و فصلين و مجموعة من النتائج التي توصل إليها الباحث. وقائمة بأسماء المصادر والمراجع التي إستند إليها.

**المقدمة:** ذكر فيها الباحث الموضوع وماهيته والأسباب التي دفعتهُ إلى إختياره.

**الفصل الأول:** تتضمن تأريخ ظهور تعليم الحروف الهجائية ومن ضمنها تعريفه تأريخي للحروف الهجائية الكردية.

**الفصل الثاني:** تتضمن من محورين، المحور الأول: حول طرق تدريس الأُولى لتعليم الطفل وفي مرحلة الأول الابتدائي. أما المحور الثاني: تتضمن حياة أستاذ إبراهيم امين بالدار و أهمية كتابة (ئەلف و بـێ نوێ)ی كوردی أي الحروف الهجائية الجديدة في اللغة الكردية. وفي أواخر البحثو قام الباحث بالنقد والتحليل الشاملين لكتاب المذكور، ومن نتائجها مجموعة من النتائج العلمية التي توصل إليها الباحث ودونها في قسم نتائج البحث.

## پێشەکی

بێگومان لێکۆڵینەوە لە دیاردەی فێرکردنی (ئەلفوبێ)ی کوردی، ئەرك و کردەیەکی یەکجار پێویستە، چونکە فێربوون و فێرکردن، یەکەمین خاڵی دەستپێکی خوێندنی هەموو نەتەوە و زمانێکە.

فێرکردنی ئەلف و بێی کوردی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، هەر ئەو ڕوانگەیەش بوو، کە ئەوەی بەسەرماندا سەپاند، کە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: (سەرهەڵدانی فێرکردنی ئەلف و بێ ی کوردی و ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ئەو بوارەدا) بێت.

ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە دیسانەوە ئەوەشی بەسەرماندا سەپاند، کە باسی کورتە مێژوویەکی سەرهەڵدانی (ئەلف و بێ)ی کوردی بکەین و ڕوونکردنەوەی بنەچەی زاراوەی (ئەلفوبێ)ش، بە گشتی کردەیەکی خۆسەپێن بوو.

لە ڕاستیدا پاش لەچاپدانی پەرتووکەکانی مامۆستا باڵدار و لە مێژووی سەرەتای پەنجاکانی ڕابردووەوە، بە تەواوی و زانستیانە زەنگی بەکارهێنانی (ئەلفوبێ)ی کوردی لێدرا و بەکارهات.

---

* جامعة جرمو كلية التربية قسم اللغة الكوردية

سەرەڕای ئەمانە، مامۆستا باڵداری نووسەری پەرتووکەکان خودی خۆشی ماندوونەناسانە لە زۆر شوێنی کوردستاندا وانەکانی (ئەلفوبێ)ی بە دەرس دەوتەوە و بەهرە و زانست و پسپۆڕی و خولیای تایبەتی خۆشی ئاوێتە دەکرد؛ هەربۆیە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان لەژێر تیشکی ئەم ناونیشانەی خوارەوەدا تەرخان و تۆمارکرد:

**(ڕۆڵی مامۆستا باڵدار، لە فێرکردنی ئەلفوبێی کوردیدا)** لەم بەشی دووەمەدا، باسی زۆربەی زۆری ڕێگاکانی فێرکردن و وانەوتنەوەمان بە ناساندنەوە کردووە. ئەمیش بەهۆی ئەوەوە کە، مامۆستا باڵدار وەك زانایەکی ئەکادیمی و پسپۆر سوودی لە سەرجەم ئەو ڕێگا و ڕێبازی فێربوونانە بینوە...

جا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە بەڵگە نەویستانە لەژێر شادێڕی (دەرخستە و خستنەڕوویەکی پەرتووکی (ئەلفوبێی نوێ)ی مامۆستا باڵدار)دا هەر پەنجاوهەشت (58) وانەکەی پەرتووکەکەمان بە ناساندنەوە خستووەتەڕوو.

هەر لەو بەشەدا بە شێوەیەکی سنووردار ڕۆڵی مامۆستا باڵدار و پەرتووکەکەیمان بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کردەییەوە نیشانداوە.

لە گشت ئەم ڕوانگانەوە، چەند ئەنجامێکی زانستیمان لێ هەڵێنجاندووە.

بێگومان سەرجەم کارەکانمان بە پشتبەستن بە سەرچاوەی پەیوەست بە باسەکە و چاوپێکەوتنی تایبەتییەوە ئەنجامداوە....

سەرچاوەکانیشمان لەژێر ناونیشانی لیستی سەرچاوەکاندا تۆمارکردووە.

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە**

یەکێك لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە ئەوە بوو کە: ئەلف و بێی نووسینی هەر میللەتێك هاوشانی ناسنامەی زمانی تایبەتی ئەو میللەتە بایەخدارە. ئەمیش بەو بەڵگەیەی کە، کاتێك ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی لابرا، یەکسەر کۆمارییەکان یەکەم بڕیار کە دەریانکرد، ئەوە بوو ئەلفوبێی زمانی تورکی عوسمانییان قەدەغە کرد و ئەلف و بێیەکەیان گۆڕی بۆ ئەلفوبێی تورکی لاتینی، ئەمیش بە مەبەستی توانەوە و لابردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

هۆیەکی تری ئەوەیە، ئێمە ئێستا لە سەردەمێکداین، کە زمانی کوردی بەپێی ڕیزبەندی زمانەکانی جیهان لە ئێستادا لە پلەی چل و دوو (42)ە مینی زمانەکانی جیهانداین و لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دان بە زمانی کوردیدا نراوە، بەڵام ملیار مخابن، پاش حەفتا و پێنج (75) ساڵ

تێپەڕبوون بەسەر لە چاپدانی ئەم پەرتووکەدا، کەچی بە بەڵگەی سەلمێندراو و حاشاهەڵنەگرەوە، لێرە و لەوێ سەرنج دەدەین، کە نووسینی کوردی بەهۆی نەبوونی ڕێنووسی ستانداردی دانپێدانراو و دەستورییەوە، هاوکات نەبوونی چاودێریی و لێپرسینەوەوە لە پاشاگەردانی و پاشەکشە دایە، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەر دەزگاو چاپێکی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و تەنانەت وەزارەت و فەرمانگەیەك ڕێنووس و ستایڵی نووسینی خۆی هەیە. ...!!! .

**بەشی یەکەم**

**کورتە مێژوویەکی سەرهەڵدانی (ئەلفوبێ)ی کوردی**

**بنەچەی زاراوەی (ئەلفوبێ)**

وەکو سەرەتایەك بۆ چوونە نێو قوڵایی لێکۆڵینەوەکەوە، بە پێویستمان زانی کە بنەچەی زاراوەی (ئەلفوبێ) بەپێی بواری لێکۆڵینەوەکە و پێویستی بابەتەکە بە خوێنەران بناسێنین.

سەرەتا هەرچی وشەی (ئەلفوبێ)یە: " لە لێکدانی دوو وشەی لاتینی (ALPHA and BETA)وە هاتووە، پاشان کورتکراوەتەوە بۆ (ALPHABE) و لەلای ئێمەش بۆتە (ئەلفبێ) ئەو ئەلفبێیانەی کە لەسەر گۆی ئەم زەویەدا گەلان بەکاری دەهێنن، ڕەنگە ژمارەیان بگاتە سەد جۆر ئەلف بێ " (جەزا،2010: 47).

" لە زمانی ئینگلیزیدا بە وشەی ئەلفبێ دەڵێن: (Alphabet) وشەی (Alphabet) زۆر شرۆڤەی بۆ کراوە، لەوانە: هەندێك ئەلفبێ عیبری (Alph و Bet) دروست بووە.

ئەم (بەئاسیا کردنەی چەمکی ئەلفبێیە چەند ڕەگێکی هەیە: هەردوو سیستەمی هێرۆگلیفی و مێخەکی لە ئاسیاوە دەرکەوتوون و لێرەوە بەرەو ڕۆژئاوا چوون." (ناوخۆش و خۆشناو، 2008: 190).

چەند بۆچوونێکی تریش ئەلف و بێ بۆ بنەچەی یۆنانی و لاتینی دەگەڕێننەوە: " وشەی (Alphobetos)ی ئینگلیزی لە وشەی (Alphabetum)ی لاتینی هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسییەوە. وەختی خۆی ڕۆمانییەکانیش لە وشەی (Alphoetos)ی یۆنانی کۆن دایانتاشیوە.

هەروەها یۆنانییەکانیش لە دوو وشەی (Alpho) (گا) و (Bet) (ماڵ)ی فینیقییەوە وەریانگرتووە." (عەبدوڵڵا و ئەوانی تر، 2009: 92).

چەند لێکۆڵینەوەیەکی ترمان بەرچاوکەوتووە، کە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زۆربەی زۆری ئەو (ئەلفوبێ)یانەی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سوریادا بەکارهاتووە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە (ئەلفوبێ)ی ئارامییەوە وەرگیراوە، ئەوانە (500) ساڵ واتە (پێنج سەدە) فەرمانڕەوایی ئەو هەموو ناوچانەیان کردووە و توانیویانە لە ڕێگەی فەرمانڕەوایەتییەکەیانەوە (ئەلفوبێ)کەیان بچەسپێنن، هەروەکو چۆن عەرەبەکان (ئەلفوبێ)ی خۆیان چەسپاند بەسەر گەلانی ناعەرەب (کورد، فارس، ئەفغان، پاکستان ...)وە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا و لە سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا، هەر بە (ئەلفوبێ)ی عەرەبی دەیان نووسی و بەکاریان دەهێنا، " زۆربەی زۆری دانیشتووانی هەردوو ئەمریکا و ئەوروپا و ئوستورالیا و بەشێکیش لە ئاسیا و ئەفریقا، پیتی لاتینی بەکاردەهێنن، وڵاتانی عەرەبی و ئەڤغان و پاکستان و فارس و پاکستان و فارس و کورد... پیتی عەرەبی بەکاردەهێنن.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هۆیەکی زۆر گرنگ بوو بۆئەوەی ئەلفبێی عەرەبی، نەك تەنها لە وڵاتانی عەرەبیدا، بەڵکو لە بەشێکی زۆری وڵاتانی موسوڵمانان، وەك: (پاکستان، ئەڤغانستان، ئێران، کوردستان و سەروی ئەفریقاش بەکارهێنرێت، کە بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان، لە سەرتاپای ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون بە زمانی تورکی و بە پیتی عەرەبی دەیاننووسی" (جەزا، 2020: 47).

سەرەڕای ئەوەی ئەو وشە و زاراوانەی لە زمانەکانی تر دێنە ناو زمانی کوردییەوە بەپێی ئەلفوبێی کوردی دەنووسرێن و دەگونجێنرێن وەک وشەی (بئر) بە شێوەی (بیر) لەگەڵ وشەی ڕەسەنی کوردی (بیر) وەک یەک دەنووسرێن. (طاهر - محمدصالح، ٢٠٢١: ٧٤٢).

هەرچەندە لە پەرتووکەکانی قۆناغەکانی خوێندن، هەندێکجار هەڵەی ڕێنووسی هەیە و هەندێک لە مامۆستایان تێبینییان هەیە لەسەر پەرتووکەکانی سیستەمی پەروەردە لە ڕووی ڕێنووس و نووسینەوە. (قازی، ٢٠٢١: ٨٢٧).

لە ڕاستیدا بنەچەی زاراوەی (ئەلفوبێی کوردی)، پاش لە چاپدانی پەرتووکەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بە تەواوی زەنگی بەکارهێنانی لێدراو زاراوەکە بەکارهاتوو، بووە هۆی یەکەم کەرەستەی خوێندن و فێرکردن.

**کورتە مێژوویەکی سەرهەڵدانی (ئەلفوبێ)ی کوردی:**

لەژێر سایەی تیشکی کاریگەری ئەو ژێربێژییەی کە دەڵێت: (پێویستی بوون دایکی داهێنانەکانە)، مێژووی سەرهەڵدانی ئەلفوبێی کوردیش " لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا، (ئەلفوبێ)ش بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، وە زۆربەی زۆری زمانەکانی نەتەوەکانی دونیا بوون بە خاوەنی (ئەلفوبێ)ی خۆیان، کە لەوەدەچێ ژمارەی ئەو (ئەلفوبێ)یانەی ئەمڕۆ هەن، زیاد لە سەد (ئەلفوبێ) بێت، کە هەریەکەیان سەدەها ملیۆن خەڵك پێی دەنووسن و دەخوێننەوە و قسەی پێدەکەن لەوانەش:

1- ئەلفبێی ئارامی/عەرەبی، کە وڵاتانی (عەرەبی و ئەڤغانستان و پاکستان و فارس و کورد و کلدانی و ئوردی و ....) ئەم پیتانەیان لە نووسینیاندا بەکاردەهێنن.

2- ئەلفبێی چینی.

3- ئەلفبێی هیندی.

4- ئەلفبێی لاتینی.

5- ئەلفبێی سلاڤی ... هتد" (ئەحمەد، 2011: 42).

پاش سەرنج دان و تاوتوێ کردنی زۆربەی سەرچاوە بەردەستەکانی پەیوەست بە کاکڵەی باسەکەوە، بۆمان دەرکەوت و ڕوون بووەوە، کە هەروەکو هەموو دیاردەیەکی سروشتی " کوردیش هەروەك میللەتانی سەر ڕووی زەوی، بە درێژایی مێژوو خاوەن (ئەلف و بێ)ی تایبەتی خۆی بووە.

گەلی کورد وەك هەر گەلێکی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی بەر لە زایین و لە سەرەتای یەکەم ئەزموونی نووسیندا، پەنای بۆ بەکارهێنانی (خەتی مێخی – بزماری) بردووە؛ پاشان بە تێپەڕبوونی زەمەن و تا سەدەکانی بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ماد، گەلی کورد و ئێرانییەکان بە خەتی ئاوێستایی نووسیویانە؛ وە لە کۆتاییەکانی حوکمڕانییەتی دەوڵەتی (ماد)دا و پاش ئەویش گەلی کورد و ئێرانییەکان (خەتی پەهلەوی)یان گرتەبەر". (مەڵبەندی مامۆستایان،2005: 11).

" ئاشکرایە پاش ئەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بنجی خۆی داکوتا، کوردەکانیش وەك فارسەکان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی ئەلف و بێی عەرەبی بۆ نووسینی زمانەکەیان" (نەبەز، 1976: 78).

کە باسی ئایین دەکرێت، پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش نووسین بە کەرەستەی ئەلف و بێی کوردی و وەرگێڕانی دەقە ئاینییەکانی ئایینی مەسیحیش هەر بە ئەلف و بێی کوردی بووە، لەلایەن: " 1- قەشە پاترینتە ئەرمەنییەکان. 2- مژدەدەرەکان (المبشرون)؛ ئەمانەش لە کارەکانیاندا

ئامانجی تایبەتی خۆیان بینیوە، کە ئەویش گۆڕینی کتێبەکانی ئایینی مەسیحی بووە بۆسەر زمانی کوردی، بەڵام بەو کارەیان خزمەتێکی گەورەیان کردووە بە زمانی کوردی و گەشەکردنی ئەلف و بێ و پەخشان و هۆنراوە و فەرهەنگۆکی کوردی هەر لە سەرهەڵدانییەوە". (سابیر، 2008: 35).

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لەم قۆناغەدا زۆربەی زۆری ئەو نووسینانە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە لەناوچوون:

1- هۆی ئایینی: دیارە پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەرجەم ئەو نوسراوانە لەنێوبراون.

2- بەهۆی ئەوەی کە دژی بوونە و هەندێ جاریش لێی تێنەگەیشتوونە و بۆیان نەخوێندراوەتەوە.

3- هەمیشە داگیرکەران و بەکرێگیراوەکانیان بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو شتێکی خۆماڵی کوردی ... بە دڕندانەترین شێوە لەناویان بردوون.

4- زۆربەی خوێنەوار و مەلا و زانایانی کوردیش وەك ئەرکێکی ئایینی پاکتاویان کردوون؛ ئەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییەش دەسەلمێنێت ئەوەیە، کە ئەو مەلا و خوێندەوار و زانایانە هەرگیز دژی ئەو دەقە نووسراوانە نەبوونە، کە ناوەڕۆکەکەی لە سەرچاوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاو بووبێ، جا ئەگەرچی بە ئەلفوبێیەکی کوردیش نوسرابا.

مامۆستا عەلادین سوجادی دەڵێ: " داهاتنی ئەم پیتانە بەرانبەر بە زمانی کوردی مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ (1200 تا 1250) ساڵ پێش ئەم ڕۆژە، بەڵێ، کە ئیسلام لە ناوچەی کوردنشینندا بنجی خۆی داکوتاوە، دەبێ هەوڵی بڵاوبوونەوەی ئەلف و بێکەی خۆشی دابێت" (حاجی مارف، 1985: 24).

نموونەش بۆ ئەم ڕاستییانە: دەقە نووسراوە کۆنەکانی شاعیرانی کوردە لە نموونەی (نوبەهارا بچووکان)، کە فەرهەنگێکی کوردی زاری کرمانجیی سەرووی زمانی کوردییە و لە ساڵی (1683)ی زایینی لەلایەن ئەحمەدی خانییەوە بە هۆنراوە نووسراوە. هەروەها فەرهەنگی (ئەحمەدی) کە لەلایەن (شێخ معروفی نۆدێ)وە بۆ (کاك ئەحمەد)ی کوڕی نووسیوە.

**ئاماژەیەکی پێویست بۆ هەوڵەکانی نووسین بە ئەلفوبێی کوردی[1]**

لێرەدا و بە کورتی ئاماژە بە چەند پەرتوکێکی مێژوویی دەدەین لەو هەوڵانەی کە لە کۆنەوە وەکو پەرتووك کەوتوونەتە بەردەست و دیدی خوێنەران لەبارەی ئەلف و بێی کوردییەوە ئەمانەن:

---

[1] لێرەدا ئێمە کە باسی چەند نووسەرێکمان کردووە، لەبەرئەوەیە، کە ئەم نووسەرانە خۆیان هەوڵیانداوە (ئەلفوبێ) بۆ بە کوردیی نووسین دابنێن، جا چ لەسەر بنەمای ڕێنووسی (لاتینی)، یان ڕێنووسی (ئارامی/عەرەبی) بێت، ئەگینا هەوڵدان بۆ نووسین بە کوردیی لە پێش ئەمانەوە دەستپێکردووە، واتە لێرەدا ئێمە تیشکۆکەمان لە هەوڵەکان داوە، نەك هەوڵدان بۆ نووسین بە کوردیی.

**یەکەم/ ئەلفوبێی خەلیل خەیاڵی**

" کۆنترین ئەلفبێ ی کوردی یە، کە ساڵی (1325)ی لەسەر نوسراوە، ئیتر نازانین کۆچی یە، یا زاینییە: بەڵام بە توێژینەوە دەرکەوتووە دەکاتە (1909)ی ز" (جەزا، 2010: 49).

**دووەم/ مێجەرسۆن**

مێجەرسۆن دوو کتێبی داناوە: " یەکەمیان – بە ناونیشانی (ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی)، کە لە ساڵی (1919)ی ز دا لە بەغداد چاپی کردووە، دووەمیان بە ناویشانی (ئەوەڵەمین قرائەتی کوردی)، کە لە ساڵی (1920)ی ز دا، لە بەغداد چاپی کردووە، ئەم کتێبانەی مێجەرسۆن کەس چاوی لێ نەکردونە، کەوتە بەر دیدی خوێنەران و بە شێوەیەکی گشتی کاری پێ نەکرا." (موکریانی، 1972: 7).

**سێیەم/ سەعید سدقی کابان**

" مامۆستا سەعید سدقی کابان کتێبێکی بۆ بەرنامەی خوێندن داناوە، بە ناونیشانی (مختصر صرف و نحوی کوردی)، لە ساڵی (1928)دا بە چاپی گەیاند". (حاجی مارف، 1985: 42).

**چوارەم/ تۆفیق وەهبی**

" تۆفیق وەهبی ساڵی (1929) ئەلفبێ یەکی لاتینی بۆ نووسینی کوردی هێنایە ئاراوە، لەڕووی ئۆتۆگرافییەوە بەزۆری لاسایی ئەلفبێ ی ئینگلیزی بوو، بەڵام بۆ پرۆگرامی خوێندن سەری نەگرت." (جەزا، 2010: 49).

**پێنجەم/ ئەحمەد عەزیز ئاغا**

" ئەحمەد عەزیز ئاغاش کە مامۆستا بوو لە قوتابخانەکەی (خواجە ئەفەندی)، توانی بە هەوڵ و ماندوبوونێکی ناوازە لەو رۆژگارەدا (ئەلفبا)یەکی جوان دابنێ، کە دەتوانم بڵێم لە عێراقدا یەکەم کاری (مەعریفی کوردی) بوو منداڵانی کورد، لە چوارچێوەی قوتابخانەدا و دوور لە حوجرەکان، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم ئەلفبایە (46) لاپەڕەی بێوێنەیە، دوا چاپی ئەم پەرتووکە لە ساڵی (1936)دا بوو". (ئەحمەد، 2011: 45).

**شەشەم/ حامید فەرەج**

" له ساڵی (1936) حامید فەرەج کتێبی (ئەلف و بێی کوردی) وێنەداری دانا، کە داهێنانێکی جوانی سەردەمیانەی پێوە دیاربوو، پێکهاتبوو لە (66) لاپەڕەی قەوارە بچووك، لە ساڵی (1946) چاپکرایەوە و بووە بناغەیەکی باش بۆ پرۆگرامەکانی دوای خۆی و هەنگاوێکی سەرکەوتوو بوو لەو بوارەدا." (سەرچاوەی پێشوو:45).

**حەوتەم/ کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا**

" مامۆستا مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا (1884 ز – 1961ز) (ئەلفبێ)یەکی تایبەتی داهێنا لەسەر بنچینەی ژمارە ئەم ئەلفبێ یە زیاتر مێشك دەکاتەوە، کە تێیدا پیتی کوردی، عەرەبی تێدا بەکارهاتووە" (جەزا، 2010: 49).

**هەشتەم/ ئەلف و بێی ئیبراهیم ئەمین باڵدار**

بێگومان کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان دەربارەی ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدارە لە فێرکردنی ئەلف و بێی کوردیدا، بۆیە لە بەشی دووەمدا بە درێژی و پوختی باسی ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا دەکەین و پاشان خستنەڕوویەکی وردیش لە پەرتووکی (ئەلف و بێی نوێی کوردی)دا دەخەینەڕوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بەو ڕاستییە بکەین، کە لەدوای هەوڵەکانی مامۆستا باڵدارەوە بێگومان هەوڵی تریش دراوە، بەڵام باسکردنیان لە مەبەست و سنوری لێکۆڵینەوەکەمان دوورمان دەخاتەوە ... دیارە لە بەشێکی تری ئەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بە ئەو هەوڵە نوێیانە دەکەین.

**بەشی دووەم**

**ڕێگاکانی فێرکردن و وتنەوەی وانەکانی ئەلفوبێ و ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە فێرکردنی ئەلفوبێی کوردیدا**

**تەوەری یەکەم/ ڕێگاکانی فێرکردن و وتنەوەی وانەکانی ئەلفوبێ**

**پێناسەی ڕێگە**

" ئەو هەنگاوانە دەگرێتەوە کە مامۆستا لە پرۆسەی فێرکردندا بە گشتی و لە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسیندا لە پۆلی یەکەمدا - بە تایبەتی – پەیڕەویان دەکات و هەڵیاندێنێتەوە، ئەم ڕێگەیەش پێویستی بە شارەزایی و لێزانین و ئاشناییەکی تەواو هەیە، کە مامۆستا دەخوازێت ئاگاداری بێت، تاکو بتوانێت

به مەشقکردن و ڕاهێنان منداڵ بگەیەنێتە کەناری ئارام و ئاسوودەیی" (پەیمانگای مامۆستایان، 2005: 32).

ڕێگاکانی وتنەوە و فێرکردنی وانەی ئەلف و بێی زمانی کوردی، هەروەك زۆربەی زمانەکانی جیهان چەند جۆرێکن و چەند لقێکی لێ جودادەبێتەوە لەوانەش:

**ڕێگەی ئاوێتەیی**

" ئەم ڕێگەیە لە بەشەوە بۆ گشت دەست پێدەکات، واتا لە نادیارەوە بۆ دیار ... بەشە بچووکەکان پێکەوە دەلکێنێتەوە." (سەرچاوەی پێشوو:33).

**ڕێگەی ناوی**

" لەم ڕێگەیەدا قوتابی فێری ناوی پیتەکان دەکرێت و پێی لەبەردەکرێت، وەکو جاران کە لە مزگەوتەکاندا پەیڕەو دەکرا، ئەلف، بێ، تێ، ... هتد" (ئەحمەد، 2011: 56).

**ڕێگەی دەنگی**

" شێوەی ئەم ڕێگەیەش ئەوەیە، کە مامۆستا لە جیاتی ناوی پیت، دەنگی پیتەکە فێری قوتابی دەکات..." (قادر، 1978: 40).

**ڕێگەی بڕگەیی**

بڕگە بریتییە لە پتر لە دەنگێك، کە بەیەك تەکانی هەوای دەربازبوو لە زارەوە دەدرکێت. (بڕوانە ئەمین،2009: 252)، ئەم ڕێگەیە لەگەڵ ئاواز و پێکەوەبەستندا دەگونجێت.

**ڕێگەی شیتەڵکردن**

لەم ڕێگەیەدا فێرکراو بەهۆی هەڵوەشان و پێکەوەگرێدانی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە فێردەکرێت.

**ڕێگەی وشە**

بە دەستپێکردنی وشە و پاشان دابەزاندنی بۆ دەنگ و پیت و بڕگە و بە فێربوونی وشەکە کۆتایی دێت.

**ڕێگەی دەستەواژە**

دەستەواژە: بریتییە، لە دوو وشە یان زیاتر، کە واتایەکی تەواو و پڕاوپڕ نادەن بە دەستەوە، چونکە کرداریان لەگەڵدا نییە، وەك (داری دوور). ئەم ڕێگەیە سەرەتایەکە بۆ فێربوونی ڕستە و پەرەگراف.

**ڕێگەی ڕستە**

" لەم ڕێگەیەدا یەکەی فێرکردن ڕستەیە، کە خاوەنی واتایەکی تەواوە، لەسەر بنەمای (گشت)، کە پێش بەشەکانی درکی پێدەکرێت دامەزراوە، ئەم ڕێگەیە بە تەواوکەری بەردەوامیی ڕێگەی وشە دادەنرێت" (زەنگەنە و محمد، 2001: 36).

**ڕێگەی چیرۆك**

منداڵ و فێرخواز بەهۆی ئەم ڕێگایەوە بە شێوەیەکی چەسپاو لە دڵ و دەروونیدا دەچەسپێت و سەرنجی منداڵ کێش دەکات و ڕێگایەکی کردەییە بۆ فێربوون.

**ڕێگەی گۆرانی و سرود**

" لەم ڕێگەیەدا یەکەی فیرکردن ئەو گۆرانی و سرودانەن کە لای منداڵ خۆش و بەچێژن و ڕیتم و ئاوازیان لە تەك ئارەزووی منداڵی پۆلی یەکەم و گوێی مۆسیقییاندا دەگونجێت و خۆشیان لێ دێت، وەك: (سرودی میللی و نەتەوەیی و نیشتمانییە پڕ لە جۆشەکان." (ئەحمەد، 2011: 59).

**ڕێگەی زانیاری**

لەم ڕێگەیەوە مامۆستای پسپۆڕ دەزانێت کە چۆن زانیارییە گشتییەکانی فێرخواز لەسەر تەختەڕەش بنووسێت و دووبارەیان بکاتەوە و بە خوێندکارانی بخوێنێتەوە.

**ڕێگای تایبەتی مامۆستا**

ئەم ڕێگایە پەیوەندی بە ئەزموون و بەهرە و سەلیقەی مامۆستاوە هەیە و ناتوانرێت پێناسەیەکی ورد بکرێت و دەست نیشان بکرێت.[1]

[1] ئەم ڕێگەیە بۆیە ناتوانرێت پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ بکرێت، چونکە وەك وتمان پەیوەستە بە شێواز و بەهرە و توانستیی تایبەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵداوە، گەر پێناسەشی بکەین، دەڵێین: بریتییە لە شێواز و ڕێگە و ئەزموون و چۆنییەتی تێگەیشتنی مامۆستا لە چۆنییەتی فێرکردنی پیتەکانی زمانی کوردیی و ڕێگەی فێربوون و فێرکردنی منداڵی کورد بە ناساندنی سەرەتاکانی زمان و ڕێنووس و پیتە کوردییەکان.

**تەوەری دووەم/**

**ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە فێرکردنی ئەلفوبێی کوردیدا**

**سەرەتا: ژیان وبەرهەمی مامۆستاباڵدار:**

مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار ساڵی (1920)ی زایینی. لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لەدایك بووە. "خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (فەیسەڵیە) تەواوکردووە، دوایی بۆخوێندن چووە بۆبەغداد و(دارالمعلمین)ی ڕیفی لە ساڵی (1940)دا تەواوکردوە" (بەفرین، 2004: 8). هەر لەو ساڵەدا بووەتە مامۆستای قوتابخانەی (جاسەنە)ی ناوچەی سورداش.

مامۆستاباڵدار " کتێبی (ئەلفوبێ)کەی ساڵی(1949) تەواوکردووە، وەزارەتی مەعاریفی ئەوکاتە بڕیاری چاپکردنی داوە" (باڵدار، 2011: 3). پاشان لە ساڵی (1953)ی زاییندا بۆ جاری دووەم بە ناوی (ئەلفبێی نوێ)چاپکرایەوە.

وە لە ساڵی (1955)دا، (ئەلف وبێی نوێ) بۆ گەورەکانیش چاپکرد. باڵداری ڕەحمەتی لە ساڵی(1956)ی زایینیدا، کۆلێجی بازرگانی و ئابووری لە بەغداد تەواوکردووە.

لە ساڵی (1961)دا لە زانکۆی سانفرانسیسکۆی ئەمریکا بڕوانامەی ماستەری لە بواری پەروەردە و دەرونزانیدا بەدەست هێناوە.

مامۆستا هەر لە سەرەتای گەنجێتیدا شارەزای دەروونی منداڵ بووە و وەك پسپۆڕێکی دەرونزانیش لە بواری مامۆستاییەکەیدا و بە تایبەتیش لە بواری فێرکردنی منداڵاندا ڕۆڵی تایبەتی بینیوە و پاشان ئەو زانایی و پسپۆڕییەی گەورەترین سوودی بە هەموو میللەتی کورد گەیاندو بە بڕوانامەی ماستەرەکەش سەلماندی کە تاکە شاسواری ئەو بوارەیە.

ئەم نەمرەش بەردوام بوو لە پڕۆسەی فێرکردندا... تا لە ڕۆژی(12-7-1998)زایینددا کۆچی دوایی کرد و لە گردە سەربەرزەکەی سەیوان بە خاك سپێرراو ئارامی گرت[1].

[1]بەندەی نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە مانگی (7)ی ساڵی (2024)دا وبۆماوەی (20)ڕۆژ، لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی چەندین چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەند بەڕێزێکی بەتەمەنی دانیشتووی گەڕەکی سابونکەراندا کردووە بە ئامانەتەوە سەرجەمیان باسی دڵسۆزی و بەئەمەکی و ڕەوشت بەرزی وزیرەکی مامۆستا باڵداریان سەدبارە کردۆتەوە.

زۆر هەڵوێستی پیاوانە و دڵسۆزانەی ماموستا باڵداریان بەڕێزەوە نرخاند. زۆربەی زانیارییەکانم لەلای بەڕێز کاك (عبدولقادری حاجی حەمەخانی بەزازی سابونکەرانی) دەسکەوتوون.

ئێمە لە دە رفەتیکی ترداو لە نوسینیکی تردا بە شانازییەوە تۆماریان دەکەین.

بەرهەمە چاپکراوەکانی ماموستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار:

1-ئەلف وبێی نوێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، بەغداد، چاپی یەکەمی لە ساڵی (1951)دا، تا ئێستا زیاترلە (35)جار چاپکراوەتەوە، ) لاپەڕەیە.

2- ئەلف و بێ بۆ گەوران، (نەهێشتنی نەخوێندەواری)، بەغداد، چاپی یەکەمی لە ساڵی(1955)دا چاپکراوە،(78 )لاپەڕەیە.

3- البنية المدرسية للمدارس الابتدائيه، بەغداد، لە ساڵی (1965) چاپکراوە و (42) لاپەڕەیە.

4- الاستعداد للقرائه والكتابه (بە زمانی عەرەبی)، وە ئێستا کراوە بە زمانی کوردی و بە ناونیشانی: (ئامادەکاری بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین).

**ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە فێرکردنی ئەلفوبێی کوردیدا**

ئێمە لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و پرسیارکردن و بایەخدانماندا، چەند پێناسە و نرخاندنێکمان لە پاڵ ناوەکەی مامۆستا باڵدار و ناوەڕۆکی پەرتووکی (ئەلف و بێی نوێی) کوردی مامۆستادا، چەند ئاماژەیەکمان تۆمارکرد،

چەند دانەیەك لەوانە، وەك نموونە:

- مامۆستا باڵداری مامۆستای خوێندەوایی میللەتی کورد.
- هەتا گەلی کورد مابێ قەرزداری (دارا دوو داری دی)ە.
- مامۆستا باڵداری مامۆستای ڕەمزی فێرکردن.
- نەمرێکی وەك مامۆستا باڵدار.
- خوێندن و نووسینی کوردی، واتە باڵدار.
- بۆ هیچ بۆ مامۆستا باڵدار کرا، تا بۆ تۆی بکەن؟

- هەر لە دارا دوو داری دییەوە: کە ئەمەیان بۆتە ئیدیۆمێك بۆ سەرەتای خوێندەواری و هەموو سەرەتایەکی تر.

- مێوژی مام زۆرابە، ئاماژەیەکی تێدایە بۆ یەکێك لە وانەکانی ئەلفوبێی نوێی کوردی، ئەمیش وەك ئیدیۆمێکی زمانی کوردی واتای چاکی و بەتام و لەزەتی مێوژەکە و هەموو شتێکی تریش دەگەیەنێت.

ئەمانە و چەندین بەکارهێنراوی تر لەبارەی مامۆستا باڵدار و پەرتووکەکەیەوە.

ئەمانە و زۆر لە دایك و باوکانیش هەر بەهۆی پەرتووکەکەی باڵدارەوە فێری خوێندن و خوێندەواری بوونە.

ئەو پەرتووکە هەر لە سەرەتاوە لای کوردانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو و باکوری کوردستان و شار و شارۆچکە و گوندەکانیانەوە نامۆ نەبوونە.

لێرەدا ئێمە هەرچەندە ستایشی رۆڵی مامۆستا باڵدار و پەرتووکەکەی بکەین، ئەوا هەزاران جارە دووبارەیە و لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمیشدا یەك ناگرێتەوە... بۆیە ئێمە لێرەدا بایەخێك دەدەینە دەرخستە و خستنەڕووی پەرتووکەکە، لە ئاسۆی ئەو هەڵسەنگاندنە زانستییەوە، بە گرنگی پەرتووکەکە ئاشنا دەبین و بەرچاوڕوونییەکیشمان پێ دەبەخشێ بۆ گرنگی مامۆستا باڵدار و پەرتووکەکەی ... دەشبێتە دەستپێکێکیش بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەلایەن لێکۆڵەرە پسپۆڕەکانی ترەوە...

**دەرخستە و خستنەڕوویەکی پەرتووکی (ئەلف و بێی نوێ)ی مامۆستا باڵدار:**

ئەم پەرتووکە (58) وانەیە و پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد، بۆمان دەرکەوت، کە ڕەچاوی ماوەی ساڵێکی خوێندنی زۆر ئاگادارانە و زیرەکانە تێدا کراوە.

**وانەی یەکەم:** دەستپێکی وانەکانە و مامۆستا هەوڵی داوە پیتی (د) لە ڕێگەی وشەی هەڵبژاردەی (دار)ەوە، فێری منداڵ بکات.

**وانەی دووەم:** بە وانەی (دارا) دەستپێدەکات و مامۆستا هەوڵی داوە منداڵ بەهۆی ئەم وشەیەوە فێری (ا) بکات.

**وانەی سێیەم:** مامۆستا بە شێوەیەکی کردەیی و زانستانە و بە دووبارەکردنەوەی وشەکانی (دار) و (دارا)ی وانەکانی پێشوو، وانەی سێیەمی لێ دروست کردووە بە مەبەستی فێرکردنی پیتی (ر).

**وانەی چوارەم:** هەوڵی داوە لە ڕێگەی ڕستەی (دارا داری دی)وە منداڵ فێری پیتی (ی) بکات.

**وانەی پێنجەم:** هەوڵی داوە لە ڕێگەی وشەی هەڵبژاردەی (داو)ەوە، پیتی (و) فێری منداڵ بکات.

**وانەی شەشەم:** لە ڕێگەی (دارا وەرە دەرەوە)وە هەوڵی داوە پیتی (ە) بە منداڵ بناسێنێت.

**وانەی حەوتەم:** بە وانەی (دوو دار) دەستپێدەکات و هەوڵی داوە لە ڕێگەی وشەی هەڵبژاردەی (دوو)وەوە، منداڵ فێری پیتی (وو) بکات.

**وانەی هەشتەم:** بە وانەی وازی دەستپێدەکات و هەوڵیداوە پیتی (ز) بەهۆی وشەی (زارا)وە، لێرەدا زۆر وردبینانە و زانستانە و بە سەلیقانە هەردوو پیتی (ز) و (ر) لەنزیك یەکتریدا داناوە، بۆئەوەی منداڵ بەو خاڵەی سەرووی پیتی (ز)، ئەو جیاوازییەی هەردوو پیتی (ز) و (ر) لەیاد نەکات.

**وانەی نۆیەم:** هەوڵی داوە بەهۆی وشەی هەڵبژاردەی (دۆ)وە منداڵ فێری پیتی (ۆ) بکات.

**وانەی دەیەم:** لە ڕێگەی وشەی (ئاو)ەوە هەوڵیداوە پیتی (ئ) فێری منداڵ بکات.

**وانەی یانزەیەم:** بە وشەی (دەڕێ) منداڵ فێری پیتی (ێ) دەکات.

**وانەی دوانزدەیەم:** لە ڕێی وشەی هەڵبژاردەی (ڕاو)ەوە، منداڵ فێری پیتی (ڕ) دەکات.

**وانەی (13):**لە ڕێگای وشەکانی (دۆ ڕژاوە) و (ژوور)ەوە، منداڵ فێری پیتی (ژ) دەکات.

**وانەکانی(16) و (17):** ئەم دوو وانەیە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و، بەهۆی وشەکانی (ئاوەدان) و (نازێ)وە هەوڵیداوە پیتی (ن)ی کۆتایی و پیتی (ن)ی سەرەتاوە منداڵ فێری هەردوو شێوە پیتەکە بکات.

**وانەکانی هەژدە و نۆزدە:** لە ڕێگەی (دەڕوێنم) و (مەڕ)ەوە، پیتی (م) کۆتایی و پیتی (م) سەرەتا فێری منداڵ دەکات.

وانەکانی بیست و بیستویەك/ بەهۆی وشەی هەڵبژاردەی (زەینەب) و (بابە)وە منداڵ فێری پیتی (ب) کۆتایی و (ب) سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (22) و (23):** لە ڕێگەی (دەبارێت) و (تەیارە)وە، پیتی (ت) کۆتایی و پیتی (ت)ی سەرەتا دەناسێنێت.

وانەکانی (24) و (25): لەم دوو وانەیەدا هەوڵدراوە پیتی (س) کۆتایی و پیتی (س)ی سەرەتا، بەهۆی وشەی هەڵبژاردەی (وس) و (سێو)ەوە فێری منداڵ بکات.

**وانەکانی (26) و (27):** لە ڕێگەی (ڕۆژباش) و (شووشە)وە، منداڵ فێری پیتی (ش)ی کۆتایی و (ش)ی سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (28) و (29):** بەهۆی وشەکانی (مریشك) و (کەو)ەوە، منداڵ فێری پیتی (ك) کۆتایی و پیتی (ك)ی سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (30) و (31):** لەم دوو وانەیەدا نووسەر بەهۆی وشەکانی (تۆپ) و (پشە)وە، منداڵ فێری پیتەکانی (پ)ی کۆتایی و (پ)ی سەرەتا دەکات.

هەر لەم بارەیەوە نووسەری بەڕێز حوسێن بەفرین دەڵێت: " لەم دەرسەشدا (باڵدار)، وەك هەموو دەرسەکانی تری بە زمانێکی سادەی منالانە قسە دەکات و ئەو شتانە ئەخاتەڕوو، کە بە لای منداڵەوە گرنگیی خۆی هەیە، هەروەها ئەو هەست و حەز و خولیایانە دەرئەبڕێت، کە تایبەتە بە دنیای منداڵ و سەروکاری لەگەڵ منداڵدا هەیە..." (بەفرین، 2003: 137).

**وانەکانی (32) و (33):** لەم دوو وانەیەدا مامۆستا باڵدار هەوڵیداوە، کە بەهۆی دوو وشەی هەڵبژاردەی (سەگ) و (گیا)وە، منداڵ فێری پیتی (گ)ی کۆتایی و پیتی (گ)ی سەرەتا بکات.

**وانەکانی (34) و (35):** لەم دوو وانەیەدا مامۆستا باڵدار بەهۆی وشەکانی (مەل) و (لم)ەوە، منداڵ فێری پیتی (ل)ی کۆتایی و پیتی (ل)ی سەرەتا دەکات و هەردوو وانەکە بە شێوەیەکی وا نووسراون، کە منداڵ حەزی پێ بکات و لێی تێبگات، دیارە وشەی زۆر ناسك و جوان و منداڵانەی هێناوە، کە زۆرترینی وشەکانی منداڵ پێشتر زانیویانە.

**وانەی (36):** مامۆستا لە ڕێگەی وشەی (هێلکە)وە، منداڵ فێری پیتی (ھ) دەکات.

**وانەکانی (37) و (38):** مامۆستا لە ڕێگەی (ئاوازی گوڵ) و (کاڵەك)ەوە، توانیوێتی پیتی (ڵ)ی کۆتایی و پیتی (ڵ)ی سەرەتا بە منداڵان ئاشنا بکا.

**وانەکانی (39) و (40):** بەهۆی وشەکانی (سڵق) و (قاز)ەوە منداڵ فێری پیتی (ق)ی کۆتایی و (ق)ی سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (41) و (42):** لەم دوو وانەیەدا مامۆستا بەهۆی وشەکانی (کەف) و (فڕفڕۆکە)وە، منداڵ فێری پیتی (ف)ی کۆتایی و پیتی (ف)ی سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (53) و (54):** لەم دوو وانەیەدا منداڵ بەهۆی وشەکانی (مزراح) و (حەلوا)وە، منداڵ بە هەردوو پیتی (ح)ی کۆتایی و (ح)ی سەرەتا ئاشنا دەکات.

**وانەکانی (55) و (56):** لێرەدا دوو وشەی (عەلی شیش) و (باع)و کە پەیوەندیشیان بەیەکەوە هەیە، منداڵ فێری پیتی (ع)ی کۆتایی و پیتی (ع)ی سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (57) و وانەکانی (43) و (44):** لەم دوو وانەیەدا نووسەر بەهۆی وشەکانی (گەلاوێژ) و (گەڵا)وە، هەردوو پیتەکانی (لا) و (ڵا) بە منداڵ دەناسێنێت.

**وانەکانی (45) و (46):**بەهۆی وشەکانی (مرۆڤ) و (گڤەگڤ)ەوە منداڵ فێری پیتی (ڤ)ی کۆتایی و پیتی (ڤ)ی سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (47) و (48):** لەم دوو وانەیەدا، مامۆستا بەهۆی وشەکانی (ساج) و (جۆ)وە، منداڵ فێری پیتەکانی (ج)ی کۆتایی و (ج) سەرەتا دەکات.

**وانەکانی (49) و (50):** لێرەدا پیتی (چ)ی کۆتایی و پیتی (چ)ی سەرەتا بەهۆی وشەکانی (ورچ) و (چالاك)ەوە دەناسێنێ.

**وانەکانی (51) و (52):** مامۆستا بەهۆی وشەکانی (شاخ) و (خورما)وە، منداڵ فێری پیتی (خ)ی کۆتایی و پیتی (خ)ی سەرەتا دەکات.

**(58):** لەم دوو وانەیەدا و لە ڕێی هەردوو وشەی هەڵبژاردەی (قەراغ) و (غارغارێن)ەوە، پیتی (غ)ی کۆتایی و پیتی (غ)ی سەرەتا بە منداڵ دەناسێنێت.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- پەرتووکی (ئەلفوبێی نوێی)ی کوردی مامۆستا (ئیبراهیم ئەمین باڵدار)، بە حوکمی ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان و لایەنی ویژدانییەوە نموونە و وێنە و ڕستەکانی هەڵقوڵاوی ناو ژیانی ئەو قۆناغەی کۆمەڵی کوردەواریی بوونە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو، کە ئەم پەرتووکە و وانەکانی

ناوی لای قوتابیان و تەنانەت دایکوباوك و کەسوکاری قوتابیانیش خۆشەویست بێت و باشتر لە وانە و ناوەڕۆك و نموونەکانی تێبگەن.

2- ئەم پەرتووکە لەبەرئەوەی کە ڕاستەوخۆ دەربڕی شێوەژیانی مرۆڤی کورد بوو، بۆیە نەك منداڵانی سەرەتایی، بەڵکو گەورەساڵانیش بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردیی سودیانلێوەردەگرت.

3- پەرتووکەکە، نەك تەنها بۆ بەشێکی دیاریکراوی کوردستان، کە کوردستانی عێراقە، بەڵکو کوردانی پارچەکانی تری کوردستان، واتە (کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو باکور)یش سودیانلێوەردەگرت، کە ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەرتووکەکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەربڕی ڕۆحیەتێکی کوردانەیە و هەڵقوڵاوی ناو ژیانی کوردەوارییە.

4- مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار، بە پسپۆری و سەلیقە و بەهرەی تایبەتی خۆی و شارەزایانە و بەپێی پێویست زۆربەی ڕێگاکانی فێرکردنی بە سەرکەوتوویی بەکارهێناوە و لە پەرتووکەکەیدا، ڕەچاوی ماوەی ساڵێکی خوێندنی تێدا بە دروستیی کراوە.

5- زمانی وانەکانی پەرتووکەکە، زۆر نزیکە لە زمانی منداڵەوە و زیاتر چیرۆك ئامێزە و سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و هانی منداڵ دەدات، کە بیربکاتەوە و فێری ڕەوشتی جوان و گیانی هاوکاری دەکات، چونکە ڕستە و دەستەواژەکانی تەواوکەری یەکترین و وانەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی باسی یەك بابەتی ڕەچاوکراو دەکات.

6- لە پەرتووکەکەدا، ڕەچاوی پیتەکان کراوە، واتە هەر وانەیەك، کە دەیخاتەڕوو، تەنیا ئەو پیتانە بەکاردەهێنێت، کە لە وانەکانی پێشتردا خوێندراوە، دیارە بەهۆی ئەم هونەر و فەنتازییەوە، کەسانی تریش، کە هیچ خوێنەوار نەبوونە، تەنانەت بێ مامۆستاش فێری خوێندنەوە و نووسین دەبوون هەر تەنها لەڕێی ئەم پەرتووکەوە، کە من زیاتر لە چەند ژن و پیاوێکی خوێندەواری لە ئەو شێوەیە دەناسم و ژمارەیەکیشیان ئێستا مامۆستا و نووسەر و بیرمەند و شاعیر و چیرۆکنووس و مێژوونووسن.

**ليستی سەرچاوەکان**

**أ- کتێب:**

1- حاجی مارف، ئەوڕەحمان: (1985)، نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی.

2- ئەحمەد، ئاوات ئەبوبەکر: (2011)، ڕێبەری قۆناغی ئامادەکردن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - سلێمانی.

3- باڵدار، ئیبراهیم ئەمین: (2011)، ئەلف و بێی نوێ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.

4- باڵدار، ئیبراهیم ئەمین: (2011)، ئامادەکاری بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، وەرگێڕانی: ئیبراهیم قادر محمد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

5- مامۆستایان، پەیمانگە مەڵبەندییەکان: (2005)، ئەلفبێ، چاپخانەی (إبداع) – یەغداد.

6- بەفرین، حوسێن: (2003)، کام ئەلف و بێ (ویژدان)تان ڕائەچڵەکێنێ، چاپخانەی گەنج – سلێمانی.

7- ناوخۆش و خۆشناو، سەلام و نەریمان: (2010)، زمانەوانی، بەرگەکانی (چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)، چاپخانەی منارە - هەولێر.

8- ناوخۆش و ئەوانی تر: (2009)، کوردۆلۆجی، چاپخانەی منارە - هەولێر.

9- قادر، عبداللە ڕەزا: (1978)، ڕابەر بۆ مامۆستایانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، بەغداد.

10- موکریانی، گیو: (1972)، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی، چاپخانەی کوردستان – هەولێر.

11- زەنگەنە و محەمەد، مستەفا محەمەد و ئیبراهیم قادر: (2001)، ڕێگەکانی وتنەوەی ئەلف و بێی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.

12- نەبەز، جەمال: (1976)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ – ئەڵمانیا.

13-ئەمین، وریا عومەر: (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

**ب- گۆڤار:**

13- جەزا، ئازاد محمد: (2010)، گۆڤاری ڕێنوار، سلێمانی.

14- بەرفرین، حوسێن: (2004)، ڕۆژنامەی هەڵوێست، ژمارە (10)، سلێمانی.

15- سابیر، ڕەفیق: (2008)، کوردۆلۆجی، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

16- قەرەداغی، محمد عەلی: (1998)، پەیامی مامۆستا، ژمارە (2)، سلێمانی.

17- طاهر، شهاب طيب – محمد صالح، شكوفه حسين (2021)، هەڵسەگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە (فەرهەنگەکە زەبیحی بە نموونە)، مجلة جامعة كركوك للعلوم الانسانية، المجلد 16، العدد1.

18- قازی، سەعد عبدولرەزاق (2021)، پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، مجلة جامعة كركوك للعلوم الانسانية، المجلد 16، العدد 1.

**ج- چاوپێکەوتن:**

17- چەند بەڕێزێکی بەتەمەنی خەڵکی سابونکەرانی شاری سلێمانی، لە مانگی (7)ی (2024)ی زایینیدا، لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانیدا، لەنێوانی ئەو بەڕێزانەدا، بەڕێز (کاك عبدالقادری حاجی حمەخانی بەزازی سابونکەرانی)، کە بەڕێزێکی ئایینپەروەر و دڵسۆز و زانا و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و شارەزای شاری سلێمانی و بە تایبەتیش خەڵکی گەڕەکی سابونکەران و داب و نەریتی جۆری ژیانیان لە ڕابردوودا.

18- بەڕێز مامۆستا محمد علی قەرەداغی.